# دەرگای سێیەم

کارزان عەلی
(دەربەندیخان)

(لەبەر دەم یاسادا) ئەمە یەکێکە لە ناوونیشانی نامۆترین چیرۆکەکانی کافکا، چیرۆکەکە بە دیمەنی پیاوێکی گوندی دەست پێ دەکات و دەچێتە بەردەم دەرگایەک کە مەرجە دەرگای یاسا، یان دادگا بێ. بێ گومان هەریەکە لە یاسا، یان دادگاش دوو میکانیزمی سەرەکی دەسەڵاتن بۆ کۆنترۆڵ کردن و دیسپلین کردنی کۆمەڵگە، چ بە مانا فووکۆییەکەی، یان بە پێی چەمکەکانی زانستی کۆمەڵناسی.

ئەم پیاوە گوندییە لەبەردەم دەرگای یاسادا دەوەستێت و چاوەڕوانی ڕێگە پێدانی دەرگاپارێز، یان پاسەوانی پرسگەی باڵەخانەی یاسایە، بەڵام ڕێگەی لێ دەگیرێت و دەرگاپارێز ناهێڵێ بۆ ناو باڵەخانەی یاسا بچێتە ژوورەوە. پیاوە گوندییەکەش پرسیاری لێ دەکات، ئایا دەبێ دواتر ڕێگەی بدات بچێتە ژوورەوە، دەرگاپارێز دەڵێ "لەوانەیە، بەڵام ئێستا نا". پیاوە گوندییەکە کونجوکۆڵی ئەوەیە بزانێت لەودیو دەرگای یاساوە چی دەگوزەرێت. دەرگاپارێز دەڵێ: "تۆ ئەوەندە شەیدای ڕۆیشتنە ژوورەوەی، سەرەڕای بەرهەڵستی منیش، پێویستە هەوڵی خۆت بدەی، ئەوەش بزانە من لێرە خاوەنی دەسەڵاتم، بەڵام من تەنیا لاوازترین پاسەوانەکانی ئەم دەرگایەم، تەنانەت پاسەوانی سێیەم ئەوەندە ترسناکە، خۆشم ناوێرم تەماشای ناوچاوی بکەم".

ئەوەی بەلای پیاوەکەوە سەیرە، "وا دەزانێ یاسا بۆ هەمووانە و هەمووان دەتوانن لە هەر کات و ساتێکدا بێ پێی بگەن". چیرۆکەکە دەڵێ: "پیاوەکە بۆ ماوەی چەندان ساڵ لەبەر دەرگای یاسادا دەمێنێتەوە، تا چاوەکانی لاواز و سەر و ڕیشی سپی بوون، بە شێوەیەک نەیدەزانی بەرچاوی تاریک و لێڵ بووە، یان چاوەکانی خۆی لاواز بوون". لێرەدا پێویستە هەڵوەستەیەک لەسەر پیریی پیاوەکە و پیرنەبوونی پاسەوانەکە بکەین، کە پێدەچێ کافکا بەمەبەست ئەمەی بەکارهێنابێ، وەک ئاماژەیەک



**کافکا**

بۆ دەسەڵات کە هەمیشە بە گەنجی و بەهێزی و پڕ وزەیی دەمێنێتەوە. ڕستەی دوای ئەمەش ئەم گریمانەیە بەهێزتر دەکات، "کاتێک دەرگاپارێز تەپڵەک، یان مێزێکی بچووک بۆ پیاوەکە دەهێنێ تا لەسەری دانیشێت، بەکارنەهێنانی کورسی بۆ دانیشتن لە چیرۆکەکەدا، یەکێکی ترە لەو ئاماژانەی کە کورسی ڕەمزی دەسەڵاتە و تەنیا هەرەمی سەرەوەی دەسەڵات دەتوانن لەسەر کورسی دانیشن. لە درێژەی ئەو ماوەیەشدا، گفتوگۆی زۆر لە نێوان دەرگاپارێز و پیاوە گوندییەکەدا لە بارەی شوێن و کار و نیشتەجێبوونی پیاوە گوندییەکە دەگوزەرێت، تا دەگاتە ئەوەی پیاوەکە دەرفەتێک بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی سوودێکی لێ وەربگرێت و بچێتە ژوورەوە، ئەوەش بە پێشکەش کردنی هەموو شتە گرانبەهاکانی کە لەگەڵ خۆیدا هێناونی و بە دەرگاپارێزەکەیان دەدات، ئەویش هەموو شتەکانی لێ وەردەگرێت و دەڵێ: " هەموو ئەم شتانەم لێ وەرگرتیت، تا مێشکت ئاسوودە و ئارام بێ لەوەی کە هیچ شتێکت بیرنەچووە".

لە درێژەی چیرۆکەکەدا دەڵێ "پیاوەکە بۆ ماوەیەکی ئەوەندە دوورودرێژ لەو بەردەرگایە دەمێنێتەوە تا کێچی سەر جلوبەرگی دەرگاپارێزەکەش دەناسێتەوە"، بەڵام دوای ئەو هەموو ساڵەش هێشتا ڕێگەی ڕۆیشتنە ژوورەوەی پێ نادرێت، جێگەی ئاماژەیە کە کافکا تا ئێرەش هیچ بێزاری و نیگەرانییەک لە لایەن دەرگاپارێزەوە ڕوون ناکاتەوە، یان هیچ پەرچە کردارێک لە پای ئەو هەموو پرسیارانەی کە پیاوە گوندییەکە دەیکات، تا دواجار پیاوە گوندییەکە پرسیاری کۆتایی دەکات و دەڵێ: "بێ گومان هەمووان حەز دەکەن بگەن بە یاسا، بەڵام من ماوەی ئەم هەموو ساڵە لێرەدا چاوەڕێ دەکەم، تا ئێستاش جگە لە من هیچ کەسێک نەهاتووە بپاڕێتەوە بۆ ئەوەی بچێتە ژوورەوە، دەرگاپارێز دەزانێت کە ئەمە کۆتایی پیاوەکەیە و دەڵێ: نابێ لەم دەرگایەوە پێشوازی لە هیچ کەسێک بکرێت، چونکە ئەمە تەنیا دەرگای تۆیە و بۆ تۆ ئامادە کراوە، ئەوە ئێستاش دایدەخەم" (١).

لێرەدا چیرۆکەکە کۆتایی دێت، بەڵام دەکرێت خوێندنەوە و ڕاڤەی جیاوازی بۆ بکرێت، یەکێک لە گرنگترین خوێندنەوەکانیش کە من دەمەوێ لێرەدا لەسەری بوەستم، پێوەندی نێوان ئەم چیرۆکە و دەسەڵاتە، واتە لێکدانەوەی سیاسییانەی چیرۆکەکەیە، بە پشت بەستن بە کۆی ئەو نووسینانەی کە ڕۆشنبیر و نووسەرە دیارەکانی بواری فەلسەفەی سیاسی، گەواهی ئەوە دەدەن کە نووسینەکانی کافکا هەمیشە ڕەهەندێکی سیاسییان هەیە.

کتێبی "لەمەڕ کافکا" لە نووسینی والتەر بنیامین کۆمەکێکی زۆری بەهێزکردنی ئەم نووسینە دەکات، بنیامین جەخت لەوەی دەکاتەوە کە لێکدانەوەی سیاسی بە تەنیشت لێکدانەوەی فەلسەفی و لاهووتییەوە، لە زۆرینەی بەرهەمەکانی کافکادا ڕەنگی داوەتەوە. بە تایبەتی لەو بەشەی کتێبەکەیدا کە تایبەتە بە نامە گۆڕینەوەکانی بنیامین لەگەڵ هەریەکە لە برێخت و جیرارد شۆلیم و وێرنەر کرافت و ئادۆرنۆ و گریتی کاربلۆس و زۆری دیکەش لە بارەی کافکاوە، جگە لەوەی کتێبەکە لەسەرەتادا وەک ڕەتدانەوەیەکی توند بوو بۆ کتێبەکەی ماکس برۆد و وەیلی هاوس لەسەر کافکا لە ساڵی ١٩٣٨ دا، کە ئەم دوو نووسەرەی دوایی بەرهەمەکانی کافکا بە لێکدانەوەیەکی ئایینیی (ئیجابی) ڕووت دەبینن.

لە یەکێک لەو نامانەی لە کتێبەکەدا بڵاو کراوەتەوە و بنیامین ساڵی ١٩٣٨ بۆ شۆلیمی ناردووە دەڵێ: کارەکانی کافکا شێوەیەکی هێلکەییان هەیە هەر جەمسەرەشی دوو پنتی نەگۆڕ دیاری دەکەن، ئەزموونی سۆفیگەری لەلایەک و ئەزموونی مرۆڤی مۆدێرن لە شارە گەورەکاندا لە لایەکی ترەوە، مەبەستم لە مرۆڤی مۆدێرن ئەوەیە کە دەزانێت ملکەچی ئۆرگانێکی ئیداری زەبەللاحە و سەرچاوەیەکی نادیار و نەناسراویش دەستەی جێبەجێ کردنەکەی بەڕێوە دەبەن، ئەمەش بۆ ئەوەی هیچ شتێک نەڵێین لەسەر ئەو کەسانەی کە ملکەچی دەبن، بێ گومان ئەم ئامێر، یان ئۆرگانەش یەکێکە لە چینەکانی

ڕاڤەکردن بۆ ڕۆمانەکانی کافکا.

بنیامین ئەم ڕەهەندە سیاسییە بە نموونەیەک ڕوونتر دەکاتەوە، کاتێک دەڵێ: بە پێچەوانەی ناپلیۆنەوە، کافکا سیاسەتی وەک چارەنووس دیاری نەکردووە، بەڵکو کافکا دەیەوێت ڕێکخستنی مرۆیی (التنظیم البشري) وەک چارەنووس دیاری بکات. (٢).

ئەوەی پێویستە لێرەدا لەسەری بوەستین، دووبارەکردنەوەی ئەم چیرۆکە، یان بە شێوەیەکی ڕاستتر بڵێم تێهەڵکێش کردنی ئەم چیرۆکەیە لەگەڵ کۆتایی ڕۆمانی (دادگایی)دا، ئەو کاتەی گەشتیارێکی ئیتاڵی دەیەوێت سەردانی کڵێسەیەک بکات و (جۆزیف.ک)ی پاڵەوانی ڕۆمانەکە، وەک ڕێنیشاندەر و شارەزایەک بۆ هاوڕێیەتی کردنی دیاری دەکرێت، بەڵام (جۆزیف.ک) دەڕوات و گەشتیارە ئیتاڵییەکە لەبەر هەر هۆیەک بێت، نایەت بۆ کڵێسەکە، (جۆزیف.ک) لەوێ چاوەڕێی دەکات، بەڵام لەو کاتەی کە ئیتر (جۆزیف.ک) دەیەوێت بڕوات و کڵێسەکە جێ بهێڵێت، قەشەی کڵێسەکە کە لە هەمان کاتدا کارمەندی دادگاشە، بە توندی بانگی دەکات و لە درێژەی گفتوگۆی نێوان ئەم دووانەشدا، کافکا جارێکی تر ئەو چیرۆکە دادەنێتەوە.

کێشەی گەورەی کافکا لەم چیرۆکە و لە ڕۆمانی (دادگایی)، تەنانەت لە (کۆشک)یشدا، وەک بنیامین ڕوونی دەکاتەوە: کافکا تەنیا گیرۆدەی یەک کێشە بووە، ئەوەش کێشەی ڕێکخستنی مرۆییە، کە وەک ڕێکخستن، یان ڕێکخراوەیی جیهانی مێروولە وایە و ئیرادەی مرۆڤ زەوت دەکات، تەنانەت بنیامین لە کتێبەکەیدا نموونەی شێوازەکانی ئەم زەوت کردنە ئیدارییە بەو هۆکار و میکانیزمانە دەشوبهێنێ کە پۆلیسی یەکێتیی سۆڤیەت GPU بەکاری دەهێنن. هەرلەبەر ئەمەشە بڕێخت ڕۆمانی (دادگایی) بە ڕۆمانێکی پێشبینی ئامێز وەسف دەکات. (٣)

ئەم لێکدانەوە سیاسییانەی ڕۆمان، یان چیرۆکەکانی کافکا، هەریەکە لە جیل دۆلۆز و گاتاری (Guattari) جەختی لەسەر دەکەنەوە و دەڵێن: بێ گومان شوێنەوار، یان جێکەوتەی سیاسی بە مانا سارترییەکەی، واتە کەسێکی پابەند بە سیاسەتەوە لای کافکا نابینرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەهەندێکی سیاسی لای کافکا بەدی دەکرێت، بە مانای ئەوەی کە نووسینێکی کەمە (سەر بە کەمینەیەکی سیاسییە) لە ناو پێکهاتەیەکی زمانەوانی گەورەدا، بە سەرنجدان لەوەی کە کافکا لە کەمینەیەکی جوولەکەی چیکییە و بە ئەڵمانی دەنووسێت. (٤)

بە گەڕانەوە بۆ چیرۆکەکە کە جەختمان کردەوە لەوەی یاسا، یان دادگا یەکێکە لە میکانیزمەکانی دەسەڵات، کاتێک کافکا نموونەی پیاوێکی گوندی دەهێنێتەوە، کە لەبەردەم باڵەخانەی یاسادا ڕێگەی چوونە ژوورەوەی پێ نادرێت، یان لاوازە لەوەی ئەم بەربەستە ببڕێت، ئەمە هەمان دەستەوسانی و بێ توانایی و لاوازیی کەسی مۆدێرنە بۆ تێگەیشتن و نزیک بوونەوە و زانینی نهێنی تۆڕە ئاڵۆزەکانی دەسەڵات، بە پێی دەقەکە یاسا سێ دەرگای هەیە، دوایین دەرگا کە دەشێت دەرگای خودی سەرۆک، یان دەسەڵاتی ڕەهای سەرەوەی هەرەمی دەسەڵات بێت، دەرگاوانی یەکەم هەرگیز ناوێرێ تەماشای بکات، ئەمەش تەربیە لەگەڵ هەمان ئەو ترسەی کە کەسانی خوارەوەی ناو سیستمی ئاڵۆزی دەسەڵات، هەیانە لە خودی سەرەوەی هەرەمەکە. ئەوەی سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ، ناسینەوەی هەموو ئەو کێچ و زیندەوەرە بچووکانەی سەر جلوبەرگی دەرگاپارێزە لە لایەن پیاوە گوندییەکەوە، پێدەچێ کافکا لەمەدا مەبەستی هەموو ئەو ئەندامە بچووکانەی خوارەوەی هەرەمی دەسەڵات بێ کە خۆیان بە دەسەڵاتدا هەڵواسیوە. دواجار پیاوەکەش لە کرۆکی مەسەلەکە تێدەگات و ئەو پرسیارە دەکات کە بۆچی هیچ کەسێکی تر بە درێژایی ئەو هەموو ساڵە، نەهاتووەتە بەردەم ئەم دەرگایە، بەڵام وەڵامی دەرگاپارێزەکە ڕوونی دەکاتەوە کە هەر یەکێک لە کۆمەڵگەدا، دەرگای تایبەت بەخۆی هەیە بۆ چوونە ژوورەوە، ئایا شکانی ئەو دەرگایە، بە واتای شکانی دەرگای دەسەڵات نایە؟ پاشان بۆچی دەبێت دەرگاوانی سێیەم ترسناک بێت؟ دەرگای یاسا چ پێویستییەکی بە دەرگاپارێزی ترسناک هەیە؟ بە پێی چیرۆکەکە شکاندن، یان تێپەڕ بوون بە دەرگای ترسناکی سێیەمدا، هەڵدانەوە و کەشفکردنی تەواوەتی ئەو دەسەڵاتەیە کە خۆی لە یاسادا بەرجەستە دەکات.

بەڵام دەکرێت پرسیاری ئەوەش بکەین ئایا ئەم پیاوە گوندییە بە چ مەبەستێک دەیەوێت بڕواتە ناو یاساوە؟ دەیەوێت چی بڵێت و چی بکات لە یاسا؟ ئەی دەرگاپارێزی دووەم کێیە؟ ترسناکە یان نا؟ کافکا بۆچی ئەم چیرۆکە دەخاتەوە کۆتایی ڕۆمانی (دادگایی)ەوە و بەکاری دەهێنێتەوە؟ هێنانەوەی ئەم چیرۆکە لە کۆتاییدا چ کۆمەکێک بە (جۆزیف.ک) دەکات؟ کە بێ تاوان لە لایەن دادگاوە تۆمەتبارە.

**سەرچاوەکان:**

**١- نووسینی ناو کەوانەکان لە دەقی چیرۆکەکەوە وەرگیراون.**

**٢- ڕۆژنامەی الحياة، كافكا اللاهوتي بنظر والتر بنجامين، ٢٠١٥.**

**٣- خمسون مفكرا معاصرا، ل٤٢٢.**